**لە حەمامەکەی بەرزنجەوە بۆ بورجەکەی پاریس**

*************************************

سێپتەمبەری ٢٠١٤پێشکەش بە شەهید دڵشاد مەریوانی بێت.

لە رۆژی شەهیدکردنیدا. ٣ مارس ١٩٨٩

هاورێ! ئەگەر بیخوێنیتەوە، بەشێکە لە چیرۆکی سەردەمێکی کورتی ژیانم.

کاتێک لە بەرزنجە مامۆستا بووم، سەرەتای ساڵەکانی خوێندنی ١٩٧٨ بۆ ١٩٧٩ بوو. ئەشکەنجەیەکی زۆر چێشتم، موچەکەم بەشی چ نەدەکرد، مەجبوور ماستی خێری هاوولاتیان، هێلکەی مەسلەحە، قوتووی سەردین، باینجانی سورەوەکراوە ونۆکاوم

دەخوارد .

گۆشتم تەنیا بەزیندووی دەبینی. من ومامۆستا "س"، وانەی " ک " ی دەوتەوە، لە ژووری مامۆستایان لە قووتابخانە دەنووستین .

مامۆستا "س" بەستەزمانە , فرە بەدبەخت دیاربوو، مردن نەبێت چ لە ژیانیدا بەدی نەدەکرا. باوەژن بەخێوی کردبوو.

بۆی گێرامەوە پاش مردنی دایکی، کەوتبووە چنگی باوە ژنەوە. باوەژن بەماوەیەکی کورت لەماڵ وەدەری نابوو. پاشان نەنکی بەهەژاری وناسۆری بەخێوی کردبوو. ویستوونەبوو، نە مامۆستاکان، نە قوتابێکان کەیفیان پێینەدەهات. کابرایەکی بەشان

وشەوکەت نەبوو، بەخۆداچووە وفەقیرۆکە وبەستەزمان دیار بوو. جارێکی باسی خودی مامۆستا " س" بۆ دایکم کرد.

دایکم گووتی:

بەدبەختە! باوەژن بەخێوی کردووە.

ئەو تاریفەی دایکمم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، چۆن کت وپڕ پێیزانی باوەژن بەخێوی کردووە. دایکم چەند ساڵێک بوو بۆ هەتاهەتایە بۆ خاک گەرابۆوە. دوای ماوەیەک لە تاریف وپێزانینەکەی دایکم تێگەیشتم کت ومت خۆشەویستی دایکان بۆ مناڵەکانییانە. هەرکات دایکان مناڵانی بەدبەختییان دی کتوپڕ هێزن دایکتان بمرێ، چونکە وادەزانن بەبێدایکی بەخێوکراون وگەورەبوون.

من ومامۆستا "س" لە ئێوارێ بەدواوە لەبێ شوێنیدا، لە ژوری مامۆستاکان بەیەکەوە دەژییان. نەمن نە ئەو چ مان هەبوو بۆ یەکدی باسکەین. بەدیار یەکەوە بەبێ رادێو وتیڤی قورووقەپ دادەنیشتین. خۆم کەمێک بەخوێندنە وە وئامادەکردنی وانەکانی

بەیانێوە خریک دەکرد.

بەداخەوە!! لە ماوەێ دەساڵەی پێشودا بیستم مامۆستا "س"، هەژارە هەر بەلاوی بە نەخۆشی کوشەندە مرد بوو.

پاش ماوەیەکی کورتی ژیانم لە بەرزنجە، دەرفەتم بۆ هەڵکەوت، مامۆستاکانی دێکانی دەورووبەری بەرزنجە بناسم، جار جارە دیداریان بکەم. هەندێ جار رێدەکەوت شەوانە لای وان بمێنمەوە. یان ئەگەر دوونیا خۆش بووایە وبێبارانی بووایە، یەک دوو

برادەرم لەبەرزنجە پەیداکردبوون، بۆ بای باڵی خۆمان ئێواران دەچووینە ئەو دەشت وکێوانە .

جارهەبوو لەماڵی هەندێکیان داوەت دەکرام، هەر لەوێش دەنوستم.

مامۆستای ماتماتیک، زانیاری، فیزیا ووەرزش بووم. لە کارەکەمدا بێ پێداگرتن بەتوانا بووم، قوتابێکان خۆشیان ئەویستم. دوای نیوەروان بۆ گەشت وگوزار، هەندێ جاربۆکێوەکانی چواردەوریی بەرزنجە دەچووینە پیاسە.

لەبەرزنجە! مودیر ناحیە، خەستەخانەیەک، حەمامێک، چایخانەیەک وگەراجێکی هاتووچۆ بۆسلێمانی لێ بوو. لەورا معاون پۆلیسێکی بەعسی عەرەب، سەرۆک موونەزمەی بەعسی بوو. پیاوێکی کەلەزلی ناشرین، تا سەرئێسک رقم لە چارەی دەبۆوە، هەرگیز نەم هێشت رووم بە روویدا بتەقێتەوە .

پاش چەند مانگێ بۆم دەرکەوت، هەڵسوکەوتم سەرنجی ئەو کەلەزلەی راکێشاوە

وچومەتە ژێر دیقەتییەوە.

بە بەردەوامی سەر قاڵی وانەوتنەوە بووم. پاش چەند مانگێک، کەوتینە زستانێکی ساردەوە. گیانێکمان بە زۆڵپای قوتابخانەکە بوو، توانیمان زستان، لەبەر سەرما بەبێ کوفرکردن بەرێ بکەین.

بەهار بەهەوری رەنگاورەنگ، بەشیری بروسکە، بەنمە نمی بەخوری کەم تەمەن، وەک تازە بووک بەلەنجەولار هات. تیژکی رۆژلە نێوان چرۆی درەخت ولقی تازە سەوزی کاڵەوە سەرەتاتکێی دەکرد. بەهاری ١٩٧٩ لەگەڵ خۆیدا بانگی شۆرشی میللی

ئێرانی داوو، لاوانی ئازادی خوازانی سەرجەم گەلانی ئێران لەگەڵ گوڵاڵە سوورەی بەهار، بۆ نەخشاندنی دەشت وکێوی کەوتبوونە رکەبەرایەتیووە.

وڵاتی ئێران بەتایبەتی تاران وشارەگەورەکانی بە بڵێسەی ئاگری شۆرش، رۆژی حەشر چۆنە ئاوای لێهات بوو. لە جادەکانی تاراندا گەل شەری لەگەڵ دەبابەو تانکی دەوڵەتیدا دەکرد. بەلای من وهاورێیانمەوە، رووداوێکی نێودەوڵەتی فرە گرنگ بوو. بە

هەناسە لەرووداوەکانی ناو شارەکانی ئێران ئاگاداربووین.

لە پشووی نیووەی ساڵدا لەگەڵ دوو هاورێی خۆشەویستمدا بریارماندا لەنزیکەوە شۆرشی ئێران ببینین. پاش یەک دوو رۆژ بە پێ بەرەو کوردستانی رۆژ هەڵات کەوتینەرێ. لەگە شۆرشی کوردستانی رۆژ هەڵاتدا، بەگوێرەی بیر ونیازی ئەوکاتەمان بەنیاز بووین پردی پەیوەندی دروست کەین .

بیرمان دەکردەوە، روخاندنی شا ودامەزراندی وڵاتێکی دیموکراتی ئازاد لەئێراندا ، شۆرشی کوردستانی رۆژهەڵات بەردەوام دەبێت. بەردەوامی شۆرشەکە هەرێمێکی کوردستانی ئازاد پێک دێنێت. ئەوکات کوردستانی رۆژهەڵات پشت وپەنامان دەبن.

هەندێ نوسرا وبەیانی هاورێیانمان لە سلێمانی ئامادەکرد، بەرەو پێنجون کەوتینەرێ .

هەر ئەو رۆژە سنورمان بەزاند .

بۆشەوەکەی لەشارە جوانەکەی مەریوان نوستین. لەهەموو کوردستانی رۆژهەڵاتدا شەوانە لەبارەگاکانی کۆمەڵە، دیموکرات وفیدای خەڵقدا رۆژمان دەکردەووە. پارەمان فرەکەم کەم پێبوو. بیرمە لەمەریوان، یەکێ لە لێپرسراوەکانی کۆمەڵە، قیمەتی پێنج دیناری عێراقی ئەوسا بۆ خەرجیمان بەتەمەن پێبەخشین.

سەفەرێکی سەیر وسەمەرە بوو، لە رووی بیروباوەری شۆرشگێرێووە دەوڵەمەندی کردین. لەگەڵ ئەوەی هەنووکە بیر لەو رۆژانە دەکەمەووە، هەست ئەکەم ئەو هاورێیانەی ئەورۆ ماوین لەسەر قازانجین، بەسودفە شەهید نەبووین. فرە کات بیر لە رۆژی گەرانەوەمان دەکەمەووە کاتێک سنوری نێوان ئێران وعێراق لەپێش رۆژهەڵهاتنندا بەزاند، بەجیاوازی پێنج خولەک لەکەمینی جاش وسوپای بەعس رزگارمان بوو.

پشوی نیووەی ساڵ تەواو بوو .

قوتابخانە سێ مانگێکی بۆ پشوی سەری ساڵ مابوو. لە ماوەی ژیانی ئەو چەند مانگەی مامۆستایەتم هەوڵمدا بەدڵی زۆربەی قوتابیان وباوکانیانبم. هەروەها بەتەنگ رفتەکانیانەوە دەهاتم، لەتەکییاندا وەک کەسێکی خەمخۆریان بووم .

هەمیشە گەرەکم بوو، پەیوەندیم لەتەکییاندا بەرز وپتەو بیناکەم. هاوکات هەوڵم ئەدا، شیرازەی رێزگرتن وخۆشەویستی نێوان مامۆستا وقوتابیان هەمیشە مەحکەم راگرم.

رۆژ ومانگەکانی ساڵ تێپەر دەبوون، کەوتینە دوای ناوەراستی وەرزی بەهارەوە، کە بەهەموجوانییەکێووە دەیویست بەجێمان بهێڵێ .

وانە وتنەوە وئامادەکاری قوتابخانە هیلاکییان نەدکردم. بەپێچەوانەوە سروشتی جوانی شوێنی کارەکەم سەرمەستیان دەکردم کۆتای ساڵی قوتابخانە نزیک دەبۆووە، بەهارێکی سەوزی جوان بەرزنجەی بەرەو زەردی خەزان دەبرد. بە مەزەکانی! ماست،

دۆ وپەنیر فرە هەستییان لەخەیاڵ ودڵ ودەروندما دەتوانەووە.

هەندێ نیووەرۆ لەحەفتەکەدا، دوای قوتابخانە، لەگەڵ هەندێ لە قوتابێکاندا، دەشت ودەر وکێوی چواردەوری بەرزنجەمان دەپێوا.

دکتۆرێکی لاوی گەلێک رێزدار لەبەرزنجە بوو، کوردی نەدەزانی، بەعەرەبی گووفتاری دەکرد، ، لە موسلمان نەدەچوو، خەڵکانی دێ ئەیانگووت نەفی کراوە. دیار بوو دەسەڵاتی بەعس لە رەفتارەکانی دوودڵ ببوون، بۆیە لە بەرزنجە گیرساندبوویانەوە .

دڵی به من ئەکرایەو جارجار پێکەوە پیاسەمان دەکرد. حەزی بە سروشت بوو، فرەکەیفی بە بەهاری کوردستان ئەهات.

بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان، وەنە بێت بەهیمەتی شارەزایی بەڕێوەبەربوو، نەخێر یەکەم موچەخۆری قوتابخانەکە بوو، بۆیە ببوو بە بەڕێوەبەر .

بە دکتۆری ئەووت میتافیزیکییە، وشەی میتافیزیا بۆ بەڕێوەبەر چ مانایەکی فەلسەفی نەبوو. وایدەزانی ئەوکەسانەن بە ڕەنگاو ڕەنگی سوروشت خەیاڵیان دەفڕێن میتافیزییاین. مادیش ئەوانەن! هەموودیاردەیەک بەحیساب شیدەکەنەوە .

بەڕێوەبەری قووتابخا زۆرجار ئێواران دەیگووت:

بابچین دکتۆری میتافیزیک ببینین.

دکتۆر تا هەستکەیت، دڵ ناسک بوو، لەهەناسەدانیدا دەری دەکەخست، کەیفی بەهەموو دیاردەیەکی سەوزی بەهاری کوردستان دێت. خۆ چ قورەت بوو، لە باسی قوتابخانە، بەرزنجە ونەخۆشی وخەستەخانە لابدەین، لەترسی وشە درکاندنی یاساخ، هەستم

ئەکرد لە شوشەیەکی سەرداخراودا دەژین، لە چ جیهانێکدا نین، سیاسەت، مێژوو وجوگرافیا بۆ ئێمە بقەبوو، ژیانمان کەم بینین وکەم بایەخ بوو، وەلێ!!

ڕووداوەکان وەک مار ومێرووی سەوزی بەهار تیژتێپەر بوون. لە ڕووداوێکی لابەلایدا، هەستم کرد، مدیر ناحییە وسەرۆکی مونەزەمەی بەعسی، لەرەفتارم نارازین .

بەرزنجە لادێیەکی گەورەبوو، خەڵکەکەی ڕۆژی دووجار یەکدیان نەدیبایە، ئەوە حەتمی

بوو جارێکی ڕوبەڕوی یەکدی دەبوونەوە .

زۆربەی خەڵکی ناحێە فرەتر وفرەتر منیان گەرەک بوو. ڕێزم لە هەموو جوڵەیەکیان

دەگرت، باسی دنیاو زانستم بۆ دەکردن وگرنگی زۆرم بە مناڵەکانیان ئەدا. هاوکات بەهیچ جۆرێک ئەوەی بەموو پەیوەندی بە جاش وبەعسەوە بوو، نەسەلام نەچ حیسابێکم بۆ نەدەکردن .

نەفس نزمەکان بەزەبری دەسەڵاتی ئاغاکانییان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قینیان لێم دەبۆوە. لە ژێر زمانی خەڵکەوە، ئەم بیست ڕەفتارم مدیر ناحییە وسەرۆک مونەزەمەی بەعس وخۆفرۆشەکان!! کەڵبەی بێحورمەتیم لێ تیژئەکەنەوە.

بەرزنجە تاقە حەمام، تاقە وێستگەی هاتوچۆ بۆ سلێمانی وتاقە چاخانەیەک هی ماڵە شێخ جاشێ بوون، کەچاوترسی خەڵکیان بە پێشرەوی جاش وعەسکەر بۆ دێکانی دەورو بەردەکرد. کوڕێکی بیست ساڵیان هەبوو کە زۆر بەدفەساڵ بوو، بەبینی لەشم برینی

دەکرد.

ڕۆژێکی دەمەوعەسرێک، فەراشەی قوتابخانەکەم بینی، لە خەیاڵمدا بوو داوای لێبکەم ڕێورەسمی چوون بۆ حەمامی بەرزنجەچۆنە. چونکە یەکەم جار بوو، لەبەرزنجە بۆ حەمام بچم، شارەزانەبووم.

پێم وت مام فڵان سڵاو :

خاس بوو بەڕێزتانم بینی فرە سوپاست دەکەم، دەمەوێت بۆ حەمام بچم، کاتەکانی نازانم.

وەڵامی دامەوە :

ئاسانە چ کات ویستت بەخاوەنی حەمامەکە دەڵێم، دەرگاکەت بۆواڵاکەن، بێ خەمبە، هەر چەندە دنیا سارد نییە.

وەلێ گازی بەلاشی حوکومەتیان زۆرە، حەمام ساڵ دوازدەی مانگ گەرمە.

دەمم بردە نزیک گوێچکەیەوە، ئەرێ مامە فڵان بیستوومە، هێژن ماڵە جاشە زلەکانن.

مام فڵان وەڵامی دامەوە:

ماموستا گیان دارو دیوار گوێی هەیە، چیت لام فەرمووتان، لە هیچ کوێ نەی درکێنی، ئەمانە بۆ دنیا حەشریان فرۆشتووە .

بەهێواشی پێی ووتم:

ماموستا وریابە، رۆژگارەکەی فرە پیسە. بەتایبەتی لەم رۆژانەی دویدا، بەرێزتان لەسلێمانی بوون، سەرۆک مونەزمە لە قوتابخانە هەواڵی بەرێزتانی لەبەرێوەبەر وقوتاخانە پرسیبوو.

رەنگێکم بردوو هێنا، چەند چرکەیەک بێدەنگ بووم.

مام فلان لەسەر وتەکانی بەردەوام بوو، وەک بییەوێت، بابەتەکە بگۆرێ:

لەبەرەوە، بەرێزتان بۆخۆتان دەبیستن.

زۆر خاسە، ئەگەر ئەرک نابێت، پێیان بێژە ، دەرگاکەم دوای نوێژی خەوتنان بۆ واڵاکەن، نرخی چەندە، قەول بێت دووقات حەقیان بدەمێ. سوپاسی بەرێزتان وهەموو خەڵک چاکان دەکەم.

بێخەمبە، پێیان دەبێژم: بۆ دوای نوێژی خەوتنان، حوزورتان لەحەمام دەبن.

وەڵامی دامەوە.

بەرزنجە ئەودەمە شارۆچکەیەکی گەلێک خنجیلە بوو، بەلادێ تاشار دەچوو، ژیانی کەسێکی شاری تێدا ئەستەم بوو. هەروەها بۆ لادێکی ئەوها، رەئیس مونەزمەیەکی بەعسی رەزاقورسیان تەرخان کردبوو. وا بۆ ٢٧ ساڵ دەچێت، تا هەنووکە، چارەگرانی

ئەوهام نەدیووە .

کاری چ نەبوو جگەلە چاودێری لاوانی خوێنگەرمی ناوچەکە نەبێت. لەسەر سەکۆیەکی بەرز، بەسەر کۆڵانی سەرەکیدا ئەی رووانی، بەتاقی تەنێ لەسەر کورسییەکی دارحەیزەران بەم رۆژگارە دائەنیشت خۆی جۆلانێ دەکرد .

چاوی لە جوڵەی مار ومێروی بەرزنجە دەبوو. من هەستم ئەکرد دەیەوێ هیچ نەبێ جارێکی سەیری ناوچەوانی کەم، بە چ شێوەیەک حیسابی داروو دیوارم بۆ نەدەکرد. هەموو رۆژێ یەکدوو جار بە بەردەمیا ئەهاتم وئەچوم، خۆم سەرقاڵی بیر کردنەوە، یان

سەیری لایەکی ترم ئەکرد.

ئێوارەهات ورۆژ ئاوا بوو، بەرزنجە بەو بەهارە نوقمی تاریکی بوو، من خۆمم کۆکردەوە، بەسابون ولفکەوە وجانتاوە، بەرەو حەمام رێکەوتم، لە بەردەم دەرگای حەمدا کەسم نەدی وچومە ژوری ساردەوە، پاش خۆ رووت کردنەوە، خۆم گەیاندە نێو

حەمامەووە .

راست بوو گازی بەلاشە حەمامی فرە گەرم کردبوو، وەلێ لەهەموو شت دەچوو لەحەمام نەبێت. فرەتر لە کونە گورگێکی گەورە دەچوو تاحەمام. تارێک زۆر شێدار ولە بەر هەڵم چاو چاوی ندەبینی.

چبیکەم ناچار! بەرامبەری دەرگای چونە ژورەوەدا، روناکتربوو، لە تەنیشت جوورنەیەکی خواروخێچی بەچیمەنتۆ دروست کراو دانیشتم وئاو بۆسەر جورنەکە، بە بەلوعە زەردە چڵکنەکەی بەرەڵا کرد .

بەقەیرێکی پێ چوو تا جوورنەکە پربوو. لە تاریکی حەمامێکی شێدار وهەڵماویدا، بەلفکەوسابونی بۆن خۆش، دەستم بە خۆشتن کرد.

بەجامێکی شکاو وقوپاوی نێو جورنەکە، لەنیووەی جامەکە ئاوی تێدا نەدەوستا خۆمم تەرکرد، گوێم لەجیرەی دەرگای حەمام بوو .

کەسێک لەسەر خۆ بێ دەنگ بەئەسپای پای دائەنا هاتە ژورەوە. زۆر بەلامەوە سەیر بوو، کەسێکیتر لەبرزنجە شەوێکی درەنگان وەک من پێش خەوتنان بۆ حەمام بێت.

لەگەڵ جیرەی قاپی حەمامدا، نەم ویست هەست بکات گرنگی بەهاتنە ژورەوەی چ کەسێک بدەم، خۆم بەتەواوی سەرقاڵی خۆشتن کرد، سابونەکەم خستە خوارێ وەک لەدەستم خلیسکابێت، بەبیانووی هەڵگرتنەوەییەوە، بەتیلە چاو دیتم، کورە جاشی خاوەن حەمامەکەیە، بەشەرواڵ وکراس وپێپەتی، وەک کەسێک بەدەم رۆشتنەوە خەیاڵ بردبێتێوە، بێ ئەوەی سەیری لای منەوە بکات، بەئەسپای هەنگاو بەرەو لادەستی راستمەوە ئەنا.

بیری وتەکانی مام فڵانی فەراشی قوتابخانەم کەوتەوە:

سەرۆکی مونەزمە لەقوتابخانە، پرسیاری بەرێزتانی لە بەرێوەبەر وقوتابێکان کردبوو.

لە دڵی خۆمدا ووتم:

رەنگە ویستبێتی هەڵوێستی زمانم بزانێت، بۆ وشەی جاشم بەکار هێنا، حەتمەن رایان سپاردووە.

لە ناخمدا نەئەترسام، وەلێ هەستم دەکرد گۆرانێک لەژیانمدا روودەدات. لەگەڵ دووژمندا رۆژی رووبەروو بوونەوەم نزیک بۆتەووە، دەبێ خۆم ئامادەی جەنگ بکەم. تا روداوی کتوپر ونا وەخت ئێخەی نەگرتووم.

پرسیارم لە خۆم ئەکرد. ئەم هەتیووە خۆفرۆشی، کوری خۆفرۆشە، چی گەرەکە وبۆچی، بەم شەوە هاتووە، ئێخەم ئەگرێ، پیشم ئەخواردەوە. چرکە لەدوای چرکە، پتر پیشم ئەخواردەووە ولەناخەوە، هەستی قینم ئەکوڵا، بڵقی جەنگی ئەدا .

هەستم ئەکرد لەم سەری حەمامەکەوە جامێکی شکاوی بە ئەسپای بۆ ئەوسەری حەمامەکە دەبرد، لەوسەرەوە بۆ ئەم سەر ئەی هێنایەوە. هەستم کرد بەم شەوە درەنگە لە خۆرا نەهاتووە.

پاش قەیرێ لێم نزیک بۆوە، وام دەر ئەخست کە ئاگام لە چوار دەورم نییە وتەنیا ئاگام لە خۆشتن بوو. نا تا ئەهات فرەتر لێم نزیک بۆوە تا دەمی هاوردە بنا گوێم.

بە ئەسپای وتی:

ئەزانم دڵشاد مەریوانی برات خەریکی چییە.

تەنیا ئەم رستەیەی گووت و بەپەلە رۆیشتە دەرێ.

خۆم بە بەزیوو زانی، مت بووم، وەک باڵندەیەکی بەرز فر لە ئاسماندا بەدەستی راوچی پێکرابێ، لە قورسی سەنگی خۆم وزەختی برینەکەم، بەبێ باڵە فرێ، تەپاو تل، کەوتم بەزەویدا. نەمتوانی!! نە دەست نەدەمی لێ بکەمەوە. لەبەر خۆمەوە گووتم:

بەزیم، دۆرام، بەزیم ....بەزیم....

ورتەم لەدەم نەهاتە دەرێ، واخۆم نیشاندا: ئەزانم دڵشاد مەریوانی برات خەریکی چییە!!. لەگەڵ منی نەبووە.

نازانم چۆن خۆم وشک وپۆشتە کردەوە، بە خەفەت ودڵشکاوێووە، بەرەو ژوری قوتابخانە مللی رێگام گرت وگەرامەووە.

یەکسەر چوومە جێگاووە. هەر بیرم لێ ئەکردەووە.

"ئەزانم دڵشاد مەریوانی برات خەریکی چییە."

باش بوو وەڵامم نەدایەوە، خۆ ئەگەر وەڵامم بایەتەوە، دەبوو هەستامایەو لەو حەمامەدا سەری لە جورنەیەک بخستبایە تا ئەخنکا.

فرە تورەببووم! ناحەقییە بەو شەوە هەتیووە خائینێ بەوشێوە یە پەستم بکات.

نا نا ئەم ماستە مویەکی تێدایە وپێش کات رێکخراوە.

باشە چۆن زانی برای دڵشاد مەریوانیم. خۆ من بەکەسم نەوتووە وکەسم لێرە پێشتر نەناسیووە.

لە خۆم ئەم پرسیارانەم ئەکرد. گوێم لەدەنگی کەڵەشێر بوو، هێشتا خەو نەچوبووە چاوم، لەگەڵ ئەو هەتیوی خۆفرۆشە هەر خەریکی مەسەلەی دەوروتەسلێم بووم، نەئەترسام وەلێ کاس ببووم .

بۆمان نەبوو کاتێ دەوام پێخەفەکانمان لە ژوری مامۆستایان بەجێبهێڵین، ژورێکی کەلوپەل هەبوو، دەبوو لەورا بمان شاردایەتەوە. چەند کاتژمێرێکی مابوو بۆ دەوام، هەوڵمدا بنووم. بەیانی چوار شەمەیە، بۆ پشووی هەینی تەنیا بەیانی دوو بەیانی دەوامان ماوە. هیچ ونادات تا دووسبەی ئەوکات لەگەڵ هاورێیاندا بریارێک ئەدەین.

بەیانی لەدەنگی فەراشەکان خەبەرم بۆوە.

ئەو بەیانییە تا نیوەرۆ دەوام ئاسای رۆیی وردە رردە هێمن بوومەوە. نەم هێشت بەهیچ جۆرێک شڵەژاویم دەرخەم. ئاخر لە ناخی هەستمەوە، ئەمزانی بوومەتە نێچێر.

نانێکی تیریم کەمێک ئاو پرژێن کرد، بە قوتوویە ماسی سەردینەووە، بەدم خەیاڵەووە خواردم .

کتێبەکانی پۆلی سێی ناوەندی دەرهێناو دەرسەکانی سبەی رۆژی پێنج شەمە ئامادەکرد، وانەی فیزیای پۆلی سێی ئەوسا لە زانستی مێژوو دەچوو تا زانستی فیزیا.

بەڕێوەبەری قوتابخانە هاتە کنم. کەمێک دەربارەی قوتابخانە وتاقی کردنەوەی وەزاری پۆلی سێهەم ورادەی زانیاری وئامادەباشی قوتابێکانمان بۆ تاقیکردنەوە کرد کۆتای ساڵ باسکرد.

برێوەبەر پێگووتم:

خەریکی چیت، رۆژەکەی خۆشە بابچین، پیاسەیەک بکەین.

گوتم:

زۆر ماندووم شەو نەنووستم خەوم زرابوو.

بەڕێوەبەر وەلامی دامەوە: من تابڵێت دوێ شەو باش نوستوم، قەلبم زۆر ساخە.

مامۆستا من وەک قەرجم هەرشەوی لەلانکێکدا رۆژ دەکەمەوە، بەرێزتان ماڵ وحڵتان لەم کاولبوەدا هەیەو، ئاگاتان لە هەژاری وەک من لەکوێ ئەبێت.

هەستە بەرێکەوە بابچینە پیاسەی ودوو زەم وزەمکاری بکەین.

بەڕێوەبەر وتەکانی تەواو نەکردبوو، هەستا بومەسەرپێ، بەرەو دەرگای حەوشەی قوتابخانە ملماننا .

باس وخۆسمان فرەهانییە پێشێ. چەند جار ویستم لێی بپرسم: کەی وچۆن بۆچی سەرۆکی مونەزمەی بەعسی هاتۆتە قوتابخانە بۆ هەواڵ پرسینم. وەلێ دانم بەخۆمدا گرت، تا شک نەکات من خولیای زانینی مەبەستی سەرۆکی مونەزمە بزانم.

بەشەکانی تری تا هەنووکە نە نوسراون. کات یاربێ ولە ژیاندا بمێنم، لە کۆتای ژیانمدا ئێتان نوسم .

بەلام پاش دوو حەفتەی حەمامەکە، خۆم لە ژێر بوورجەکەی پاریسدا بینییەوە.

خۆشناو مەریوانی